# حەنانە چاوەڕێیە

19-11-2022

**نووسەرەکان**

هەستیار قادر

**کورتە** : هێوربوونەوەی شەقام و بێدەنگیی رەوتی سەدر لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، رێکەوتێکی سیاسیی بێ هۆکار نییە. لۆژیکیی نییە هێزێکی کاریگەر کە یەکەمی هەڵبژاردنی 2021 بووە و خاوەنی نزیکەی چوار یەکی کورسیەکانی پەرلەمان بووبێت، ئاوەها بە ئاسانی باڵاترین پۆستی جێبەجێکردنی وڵات لەسەر سینەیەکی ئاڵتونی بداتە سەرسەختترین رکابەرەکانی لەنێوماڵی شیعە

هێوربوونەوەی شەقام و بێدەنگیی ڕەوتی سەدر لە پێکهێنانی حکومەتی  نوێی عێراق، ڕێکەوتێکی سیاسیی بێ هۆکار نییە. لۆژیکیی نییە هێزێکی کاریگەر کە یەکەمی هەڵبژاردنی 2021 بووە و خاوەنی نزیکەی چوار یەکی کورسیەکانی پەرلەمان بووبێت، ئاوەها بە ئاسانی باڵاترین پۆستی جێبەجێکردنی وڵات لەسەر سینەیەکی ئاڵتونی بداتە سەرسەختترین رکابەرەکانی لەنێو ماڵی شیعە.

بێدەنگی موقتەدا سەدر لەم قۆناخەدا هۆکاری زۆرە، بەشێکیان لەبەر ڕێککەوتنێکی ناڕاستەوخۆی نەنووسراون و، بەشێکی دیکەیشیان ئەزمونکردنی گۆشەگیری سیاسی و رۆڵ بینینی تەماشاکارە، بۆ قۆناخێک کە لەدوای دەرکەوتنی داعش لەساڵی 2014 وە تا ئێستا، بە یەکێک لە هەستیاترین قۆناخەکان دەزانرێت کە عێراق لە دوای ساڵی 2003 وە پێیدا تێپەڕ بووبێت.

ئەو ڕەوتە لەماوەیەکی کەمدا سەرجەم ئەو کارتانەی تاقیکردەوە کە بەدەستیەوە بوون، یان لانیکەم نەیارەکانی بەوە دەترساند کە ئەو کارتانە بەکاردەهێنێت و ئەوانیش برتیبوون لە بایکۆتی پرۆسەی سیاسیی، مانگرتن، خۆپێشادان، هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان تەنانەت پێکدادانی چەکداریش! بەڵام دواجار چاوی بەست لەوەی کە  چوارچێوەی هاوئاهەنگی هاوپەیمانییەکی تازە دروستبکات و حکومەتیش پێکەوە بنێت.

هەڵکوتانە سەر پەرلەمان بەیەک تویت ئاسانترین بەربەستێك بوو کە موقتەدا سەدر دەیتوانی لە 27ی تشرینی یەکەمی 2022 دروستی بکات بۆ ئەوەی کێشە بۆ متمانە وەرگرتنی کابینەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لە پەرلەمان بنێتەوە. بەڵام کاتی ئەوە نەکرا یان دروستتر بیڵێین نەیویست بیکات و ئەمەش لەخۆڕا نەبوو.

هەندێك لە سەرچاوەکان باس لە ڕێککەوتنێکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان باڵێکی هاوپەیمانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە جگە لە باڵی نوری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، لەگەڵ سەدردەکەن کە بەر لە دەنگدان بە پێکهێنانی حکومەت کراوە. ڕێککەوتنەکە نوسراو نییە، هەروەها بە دیداری ڕاستەوخۆی سەدر وکەسانی سەر بە چوارچێوە نەبووە. ناوەڕۆکی ئەو لێکتێگەیشتنە ئەوەیە کە بۆ ماوەیەک کە لەنێوان سێ بۆ شەش مانگدایە، دەرفەت بدرێتە سوودانی تاوەکو ئەوەی سەدر دەیەوێت و پێی نەکرا، ئەو بیکات. هەروەها دەست لەو پۆستانەی حکومەت نەدرێت کە بەدەست ڕەوتی سەدرەوەن و دیارترینیشیان ئەمینداری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و بریکارانی هەرسێ وەزارەتی، ناوخۆ، تەندروستی، پیشەسازیین.

ئەم ڕێککەوتنە کە هێشتا هیچ لایەنێك بە ڕەسمی راینەگەیاندووە بەڵام لە پشتەوە باسی لێدەکرێت، دوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بۆ ڕەوتی سەدر هەیە. بەرلە هەمو شتێك، ڕەوتی سەدر تا ڕادەیێکی زۆر دڵنیایە لەوەی کە ئەم پێکهاتەیەی ئێستای هاوپەیمانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی نە لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن، نە دەتوانن بەو فرە باڵیەوە ئەزمونێکی نوێی حوکمڕانی پێشکێش بکەن کە جیاوازبێت لەوانەی پێش خۆی. کەوابێت بەگوێرەی ئەو سیناریۆیە دۆخەکە وەک پێشوو دەمێنێتەوەو ناڕەزایی جەماوەری وەک خۆی دەبێت و لەکۆتاییشدا چەرخەکە لەبەرژەوەندی ڕەوتی سەدر دەسووڕێتەوە. سەدر دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە ئەو پەیامە بگەیێنێت کە سەرەڕای ئەوەی دەستبەرداری بەشە کێکی خۆی لە دەسەڵات بوو، ئەوانی دیکە نەیانتوانی حوکمڕانییەکی باش بکەن.

خاڵێکی دیکەی ئەرێنی بۆ ڕەوتی سەدر لەو بێدەنگەییە ئەوەیە کە لەوانەیە سوودانی بتوانێت ئەو باڵانەی نەیاری جەماوەری ڕەوتی سەدر لەنێو هێزە ئەمنییەکان، جومگە هەستیارەکان، بازاڕ و کۆنترۆڵی بانک  و بازرگانی دوور بخاتەوە. هەڵبەت لەڕووی تیۆرییەوە، ئەستەمە کەسێک بە چوار کوسی پەرمانەوە ( فراکسیۆنی فوراتەین) بتوانێت ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگاریانە ببێتەوە کە سەدر بە 73 کورسییەوە نەیتوانی. ئەگەر پێشی نەکرا، ئەوکات سەدر پەیامە کۆنەکەی سیستانی زیندوو دەکاتەوە بەوەی :" تاقیکراوەکان، تاقیناکرێنەوە"، بەتایبەت کە پێشتر لەدژی بەربژێرکردنی سوودانی بووەو یەکەم دروشمی ڕەتکردنەوەی ئەو بەربژێرەی چوارچێوەی هاوئاهەنگی بوو، کاتێک لایەنگرەکانی لە مانگی ئاب چوونە نێو باڵەخانەی پەرلەمان و لەوێ مانیان گرت.

لایەنی نەرێنی بۆ ڕەوتی سەدر ئەوەیە کە ئەگەر ئەم حکومەتە بەرێژەیەک سەرکەوتوو بێت لە هێنانە کایەی سەقامگیری ئابوری، سیاسی،ئەمنی، ئەوان لەو سەرکەوتنە بێبەش دەبن و بەتایبەت کە لایەنە کوردستانیەکان و سوننە بەشدارن لە هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و، جگە لە سەدرهیچ پێکهاتەیەک لە دەرەوەی بازنەکە نییە.ئەوکاتەش، لەوانەیە چوارچێوەی هاوئاهەنگی و پێکهێنەرەکانی ئەو دژە پەیامە بدەنە  جەماوەری ڕەوتی سەدر کە ئەوەی ئەو گومانی لێ بوو بیکات ئێمە کردمان. ئەوکات لەوانەیە هاوکێشەی سەنگی جەماوەری لەنێو شەقامی شیعە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لە بەرژوەندی چوارچێوەی هاوئاهەنگی بگۆڕێت یان لانیکەم بێئومێدیێك لای دەنگدەری سەدر دروست بێت و بەشداری هەڵبژاردن نەکەن.

بەرانبەر پێشبینیەکانی ڕەوتی سەدر بۆ حکومەتی نوێ و چارەنوسەکەی، لەنێو چوارچێوەی هاوئاهەنگیدا دیدگایەکی دیکە هەیە. هێزە نزیکەکانی حەشدی شەعبی کورتبینانە مامەڵە لەگەڵ "غەنیمەی"حکومەت و وەزارەتەکانی دەکەن کە لەکۆی 12 وەزارتەکەی پشکی شیعە پێنج وەزارەتیان بەرکەوتووە، هەڵبەت پێدەچێت نوری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا دوورمەودواتر پلانی بۆ ئایندەی

دۆخەکە داناوە لەڕێگەی بەشداریکردنی لە حکومەت.

دووركەوتنەوەی سەدر لە دەسەڵات بۆ هێزەکانی نزیک لە حەشدی شەعبی لەنێو چوارچێوەی هاوئاهەنگی دەرفەتێکی زێڕین بوو تاوەکو بتوانن خۆیان لە وەزارەت و پێگەکانی دیکەی دەوڵەت لە حکومەتی محەممەد شیاع سوودانی جێگیر بکەن کە پێشتر بەو شێوەیە شوێنیان بۆ چۆڵنەکرابوو.

ئەو رەوشە بۆ هێزەکانی نزیک لە حەشدی شەعبی دوو رەهەندی هەیە، یان ئەوەتا دەیانەوێت لەرێگەی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانەوە پەیام بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بگەیێننە شەقامی شیعە، یان پێچەوانەکەی رووددات و رەفتاریان لەو وەزارەتانە باش نابێت کە کاریگەرییەکەی پێچەوانە دەبێتەوە، بەتایبەت کە سیستمی کارپێکراوی بەڕێوەبردنی کەرتی خزمەتگوزاری لەعێراق گیرۆدەی گەندەڵی، بیرۆکراتی و رۆتینێکی تاقەت پرۆکێنە.

هەڵبەت لەوانەیە بیرکردنەوەی مالیکی جیاوازتر بێت لە پێکهاتەکانی دیکەی هاوپەیمانێتیەکەی، رەنگە ئەو دوورمەوداتر لە پرسەکە بڕوانێت کە ئامانجی قۆناخی دوای هەڵبژاردنی داهاتووە کە هێشتا بەڕوونی دیار نییە کەی دەبێت. بەرزی نرخی نەوت پاڵپشتیە بۆ حکومەتی نوێ بۆ پێشکێشکردنی ئەوەی کە پێشترنەکراوە لە خزمەتگوزاری، مالیکی نایەوێت ئەو دەرفەتەی کە لەگەڵ بێدەنگی سەدر دروستبووە هەروا بەئاسانی لەدەست بدات. مالیکی کە دوو خولی چوار ساڵی لەدوای یەک (2005- 2014) سەرۆکوەزیران و چوار ساڵیش لەرێگەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە نیوەی عێراقی بردەوە،(زۆرینەی 9 پارێزگا لە ساڵی 2009 ) یەکێکە لە هەڵۆکانی نێو ماڵی شیعە و هێشتا هەژمونی لە حکومەتدا هەیە کە دەتوانێت کلیکی سەرکەوتن یان شکستی ئەم حکومەتە بکات. ئەگەر سیناریۆی سەرکەوتنی حکومەتی سوودانی سەریگرت، ئەوا مالیکی دەتوانێت پەیامێک بداتە لایەنگرانی رەوتی سەدر بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی دەنگدانیان لەرێگەی دوو ئاماژەوە:

یەکەمی:جوڵاندنی شەقام لەلایەن موقتەدا سەدر، بەهێندەی حکومەتەکەی ئەوان ناتوانێت رۆڵی هەبێت لە گۆڕانکاری ئاستی بژێوی.

دووەم: هەرچەندە لەهەڵبژاردندا یەکەم بن، هەر لەسەر پلەی دووەم دادەنیشن و ناتوانن حکومەت پێکبهێنن، وەک ئەوەی لە 2022 رویدا، بۆیە "دەنگەکانتان نەفەوتێنن".

مالیکی باشتر لە هەڵۆکانی دیکەی چوارچێوەی هاوئاهەنگی دۆخی شیعەی خوێندووەتەوە کە دەزانێت زوو هەڵدەچن و زووش دادەمرکێنەوە، ئەوە جگە لەوەی باشتر دەتوانێت رکابەرکانی لەنێو ماڵی شیعە بەتایبەت سەدر بخاتە دۆخی کاردانەوە کە زۆرجار بڕیاری خێرای وردبینی نەکراوی پێداوە، وەک ئەوەی کە لە کشاندنەوەی پەرلەمانتارەکانیدا کردی.

لەهەڵبژاردنی 2021دا سەدر بە (73) کورسی براوەی هەڵبژاردن بوو، بەڵام نەیارەکانی، لە سایەی بڕیارێکی دادگەی باڵای فیدراڵی بۆ ماددەی (76) دەستوری عێراق کە تێیدا ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی پەرلەمانتارانی کردە مەرج بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار، نەیانهێشت کۆبوونەوەکە بە دڵی سەدر بکرێت. ئەگەر حکومەتەکەی سوودانی سەرکەوتوو بێت مالیکی دەتوانیت ئەوە بگەیەنێتە دەنگدەرانی سەدر کە دۆخەکە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووش هەمان سیناریۆ دەبێت ئەگەر رێڕەوی دەنگەکانیان نەگۆڕن. مالیکی، پێشتر لەساڵی 2010شدا هەمان تەکتیکی بەکارهێنا بۆ رێگریکردن لەوەی لیستی عێراقیە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی حکومەت پێکبهێنێت. هەرچەند فایەق زێدان، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە 10/11/2022، لە چاوپێکەوتنێکدا بەڕوونی گوتبووی کە ماددەی 76ی دەستور هۆکاری زۆرینەی قەیرانە سیاسییەکانە لەدوای ساڵی 2010 و پێویستە هەموار بکرێتەوە، بەڵام پێدەچێت هەڵچنینی ئومێد بە هەمواركردنی ئەو ماددەیەی دەستور لەم خولەدا بۆ رەوتی سەدر، تاڕادەیێک قورس بێ، چونکە لەم قۆناخە ئاڵۆزەی عێراقدا هەمواركردنی دەستوور هەم رێی تێناچێت، هەم وەکوو شیعەکانیش زۆر لەگەڵی نین.